# هۆکارەکانی سەرکەوتنی موسڵمانان

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# أسباب نصر المسلمين

« باللغة الكردية »

زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# هۆكارەكانی سەركەوتنی موسڵمانان

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، درود و صەڵات و سەلام بۆ سەر گیانی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى وئال وبەیت و یار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئوممەتی ئیسلام چاوەڕوانی ئەوەیە ئەو زەلیلی وزەبوونیەی تێیدا دەژی و ئەو سوكایەتیەی كە پێی دەكرێت لەلایەن دوژمنانیەوە كۆتای پێی بێت، چونكە سەردەمێكە نووری ئیسلام و ئەو نیعمەتە گەورەیەی كە خوای گەورە بەخشیویەتی بە بەندەكانی لەلایەن نەیارانیەوە خامۆش كراوە، هەر بۆیە ئەم جیلە نوێیەی جیهانی ئیسلامی تەنها لەدوو توێی كتێبەكاندا باس و خواسی ئەو ڕەحمەت ونیعمەتەی بیستووە كە پەروەردگار لەبارەیەوە فەرموویەتی : ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ ﴾ [المائدة :٣] واتە : وا لەئەمڕۆوە بەرنامەو ئایینەكەتانم بەپایان گەیاند، وە نیعمەت و بەخششی خۆمم بۆ تەواوكردن، ئیسلامیشم بەبەرنامەو ئایین بۆ هەڵبژاردن و، نابێ هیچ كاتێك لێی لابدەن .

نەیارانی ئیسلامیش هەر لەو ڕۆژەی کە یاسا دەستکردەکان و زادەی بیری مرۆڤەکانیان هێنا و لەبری شەریعەتی ئیسلام لە جیهانی ئیسلامیدا دایاننا، بەردوام بوون لەسەر دژایەتی کردنی ئیسلام و شەریعەتەکەی، هەر بەوەوە نەوەستاون کە شەریعەتی ئیسلامیان پەکخستن لەنێو خەڵکدا بەڵکو بەردەوام خەریکی پیلان دانان بوون دژی؛ بۆ ئەوەی جارێکی تر ئوممەتی ئیسلام وڕۆڵەکانی ئاهێك نەیەتەوە بەبەریاندا، بۆیە جارێك بەناوی سەروەری یاسا، وجارێکی بەناوی ئازادی بیروڕا، وجارێکی تر بەناوی بەرگری کردن لە مافەکانی مرۆڤ  هاتوون ودێن تانە وتەشەر لە شەریعەتی ئیسلام و ئەحکامەکانی دەدەن وبەڕەجعیەت و دواکەوتووی وەصفی دەکەن، وخەڵکی پێدەترسێنن، بۆ ئەوەی نەوەك ڕۆڵەکانی ئوممەتی ئیسلامی بەخەبەر بێنەوە وفورسەتی ئەوەیان ببێت بەووردی لە دینەکەیان بکۆڵنەوە وپیلانە نەگریسەکانی نەیارانی دینەکەیان بۆ دەربکەوێت .

بۆیە سەردەمێکی درێژە شەریعەتی ئیسلام لەسەر شانۆی ژیانی جیهان بەگشتی وجیهانی ئیسلامی بەتایبەتی دوورخراوەتەوە، ئەویش لەڕێگەی دانان و بە حاکم کردنی

ئەڵقە لەگوێ وکاسە لێسەکانی خۆیانەوە، ئەوانەی بەشیری خۆیان و لەزانکۆ و پەیمانگاکانی خۆیاندا پەروەردە کراوون، بۆیە دەبێت موسڵمانان وگەنجان ولاوانی ئەم ئوممەتە بەتایبەتی هۆشیاربن.

سوپاس بۆ خوای گەورە ئەوەتانێ ئێستا ئوممەتی ئیسلام لەخەوی غەفڵەت بیدار بووەتەوە، وشەقامی وولآتان جمەیان دێت لەوەی بەکۆمەڵ داوای گەڕانەوەی شەرعی خوا دەکەن بۆ نێو دادگاکان، ئەویش پاش ئەوەی بەیارمەتی خوای گەورە وپاشان بەهیمەتی نەپساوی ڕۆڵەکانی کۆمەڵێك لەسەرکردە وحاکمە ستەمکارەکانیان ڕامالی و دەستی نهێنی چەندین ساڵەیان بۆ جەماوەر ئاشکرا کرد، سوپاس بۆ خوای گەورە تازە بەتازە خەڵك خەبەری بووەتەوە، هەنگاوی یەکەمی سەرکەوتن هەڵهێنراوە، بە پشتوانی خوای گەورە هەنگاوەکانی تری بەدوادا دێت تا ئەو ڕۆژەی بەیەکجاری شەریعەتی خوای گەورە وبالآدەست وڕەحمەتەکەی بە تەواوی لەنێو موسڵمانان‌اندا دەچەسپێت وئەو عیزەت و سەربەرزیەی کە لەڕابردوودا هەیان بووە بۆی دەگەڕێتەوە،

جا خۆشەویستان ئەوەی بەدیهاتووە، سوپاسی خوای گەورەی دەوێت بۆ ئەوەی خوای گەورە تەواوی نیعمەتەکانی ترمان بۆ تەواو بکات، وەك فەرموویەتی : ﴿ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ۖ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ ﴾ [إبراهيم : ٧] واتە : ئەگەر ئێوە ئەی باوەڕداران شوکر و سوپاسی نیعمەتەکانی پەروەردگارتان بکەن کەبەسەرتانەوەیە ئەوە بۆتانی زیاد دەکەم، خۆ ئەگەر کوفری نیعمەتەکانیشم بکەن ئەوەی بێگومان سزا وئەشکنەجەم زۆر سەخەت و توندە .

بۆیە هێندەی ئێمە لەخوای گەورە نزیك کەوتبینەوە پەروەردگاریش زیاتر لەوە بەدەممانەوە هاتووە، بۆیە دەبێت زیاتر بەدەم بانگەواز و دینەکەی خوای گەورەوە بێین تاوەکو خوای گەورە بمانکات بە هۆکاری سەرکەوتنی دین و شەریعەتەکەی، لەم ووتارەماندا ئاماژە بەو هۆکارنە دەکەین کە دەبنە هۆی سەرکەوتنی باوەڕداران و گەڕانەوەی مەجد و عیزەت وشکۆی موسڵمانان .

**یەکەم** : دەستگرتن بەئاینی خوای گەورە وپابەند بوونی پێوەی، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا

وَلَا تَفَرَّقُوا وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا ﴾ [آل عمران :١٠٢] واتـه : بـه توندی دەست بگرن بـه ئـاینـی خواوەو پەرت و بڵاو مەبن، یادی نـازو نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان، (چونکە) کاتـی خۆی دوژمنـی یەکتر بوون، ئەوە بوو دڵەکانتانی بەهۆی نیعمەتی (ئیسلام ودەست گرتن بەئـاینەکەی خوداوە) پەیوەستی کرد بەیەکەوە و هەموو بوونە برای یەکتر ..

**دووەم :** بووني باوەڕێکی بتەو بەهێز بەخوای گەورە، بەشێوەیەك دوور بێت لەهەموو دووڕووی ونیفاقێك، وباوەڕداران خۆیان یەك لای بکەنەوە بۆ خزمەتکردنی ئـاینەکەیان وهەموو بەرژەوەندیەکی دونیای بخەنەوە ئەولاوە، لەم بارەیەشەوە پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ ﴾ [غافر :٥١]واتـه : بێگومان ئێمە یارمەتی پەیامبەرانمان و ئەوانەش بڕوایان هێناوە ئەدەین، لە ژیانی دونیادا بەسەر دوژمنانیاندا سەریان ئەخەین، سەرخستنی پێغەمبەران و بڕواداران ئەوەیە: خوا هەمیشە کۆمەڵێ دەنێرێ بەرگری لە بەرنامەو ئـایینەکەیان بکەن و تۆڵە لەستەمکاران بسێننەوە، بەتایبەت لەو دەمەی

پێغەمبەردا (صلی الله علیە وسلم) تا ئێستاش ئەو راستیە دەبینرێت کە ئایینی خوا هەر دەمێنێ و هەر زاڵە، ئەگەرچی تاغووت و دونیا خۆرانیش فڕوفێڵی لێ بکەن، هەروەها ئەو رۆژەش کە شایەتەکان شایەتی دەدەن (فریشتەکان شایەتی بۆ پێغەمبەران دەدەن، پێغەمبەران شایەتی بۆ بانگخوازان دەدەن بانگخوازان شایەتن لەسەر خەڵکی) .

لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی : ﴿ وَكَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ [الروم :٤٧] واتە : سەرخستن و یارمەتیدانی بڕوادارانیش مافێکە لەسەر خۆمان واجبمان کردووە.

**سێهەم** : ئارامگرتن وخۆڕاگرتن لەسەر ئەو ناڕەحەتی ونەهامەتیانەی کەلەژیانی باوەڕداراندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ودوورکەوتنەوە لەناکۆکی ودووربەرەکی وخۆ خۆری، خوای گەورە لەم بارەشەوە فەرموویەتی : ﴿ بَلَى إِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ وَيَأْتُوكُم مِّن فَوْرِهِمْ هَـذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُم بِخَمْسَةِ آلافٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُسَوِّمِينَ ﴾ واتە : ئەگەر ئێوە خۆڕاگربن و لەسنوورەکانی خوا پارێز بکەن وبە تەقوا ولەخواترس بن، خۆ ئەگەر لەم کاتەدا بێباوەڕان

پەلامارتان بدەن پەروەردگارتان بە پێنج هەزار فریشتەی نیشانەدار کۆمەکتان دەکات .

لەجێگایەکی تردا ئەفەرموێت : ﴿ وَأَطِيعُواْ اللّه وَرَسُولَهُ وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُواْ إِنَّ اللّه مَعَ الصَّابِرِينَ ﴾ [الأنفال :٤٦] واتە : گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەشی بکەن لە هەموو کردارو گوفتارێکداو ئاشووب و ئاژاوە مەگێڕن و مەچن بەگژ یەکدا، خۆ ئەگەر بچن بەگژ یەکداو یەکتر بشکێنن، ئەوە شکست و لاوازی ڕووتان تێدەکات و هەیبەت و شکۆداری و دەسەڵاتتان لەبەین دەچێت و دەبێت خۆگرو نەفس درێژ بن (هەم لە مەیدانی جەنگدا، هەم لەناو یەکتردا) چونکە بەڕاستی خوا یارو یاوەری خۆگرو ئارامگرانە .

چوارەم : دڵسۆزی ویەکلایی بوونەوە بۆ خوای گەورە و ئاینەکەی، بەشێوەیەك باوەڕدار ئەو کارەی دەیکات تەنها وتەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە بێت ومەبەستی سەرخستنی دینەکەی خودا بێت، دوور بێت لەهەموو ڕووپاماییی وڕیاییەك بۆ کەسانی تری جگە لەپەروەردگار، چونکە ڕیا وڕووپامایی خەرمانی چاکە و حەسەنات ئاگر تێبەر

دەدات، خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴾ [محمد : ٧] واتە : ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە! دڵنیابن ئەگەر ئێوە یارمەتی ئایینەکەی خوا بدەن وپشتیوانی بن، ئەوا بێگومان خوایش یارمەتی ئێوە دەدات وپشتیوانتان دەبێت و، بەسەر دوژمنانتاندا سەرتان ئەخات، وەپێکانتان لە بەرەکانی جەنگدا دامەزراو جێگیر دەکات .

**پێنجەم :** پشت وپەنا بەستن بەخوای گەورە وتەسلیم بوونی تەواو بەو زاتە پیرۆزە، بێگومان ئەمەش پاش ئەوەی هەموو ئەو هۆکارە دونیایانەی کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە جێ بەجێ کردووە، چونکە پشت بەستن بەخوای گەورە بەبێ گرتنە بەری ئەو هۆکارانە خۆ خەڵەتاندنە، خوای گەورە هانی باوەڕداران دەدات کە تەوەکل و پشت وپەنایان هەر پەروەردگاریان بێت وپشت بەهیچ کەسێکی تر لەغەیری ئەو نەبەستن، وەك فەرموویەتی : ﴿ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ ﴾ [آل عمران : ١٥٩] واتە : ئەگەر بڕیارتدا (کارێک ئەنجام بدەیت، ئەنجامی بدەو) پشت بەخوا ببەستە، چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆشدەوێت کە پشتی پێدەبەستن ( بەو

مانایەی پاش ئەوەی بڕیارتدا کارێك بکەیت و هەموو ئامادەکاریەکانت بۆ ئەکرد لەو هۆکارانەی کە مەشروع و ڕێگا پێدراوون) ئەوجا پشت بەخوای گەورە ببەستە .

داودیش (سەلامی خوای لێ بێت) کاتێك سوپاکەی کۆ کردەوە و هەموو ئەو چەك و تفاقەی لەتوانایدا هەبوو ئامادەی کرد بۆ ڕووبەڕوبونەی جالووت، ئەمجا لەخوای گەورە پاڕایەوە وپشتی بەو بەست کە لەم جەنگەیاندا سەریان بخات، وەك فەرموویەتی : ﴿ وَلَمَّا بَرَزُواْ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالُواْ رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ ﴾ [بقرة : ٢٥٠] واتە : کاتێک لە بەرامبەر جالوت وسەربازانیەوە وەستان (نزایان کردو) وتیان: پەروەردگارا خۆگری و ئارامگریمان پێ ببەخشە، (دڵ و دەروون و) پێکانمان دامەزراو بکە و سەرمان بخە بەسەر قەوم و هۆزی بێباوەڕاندا.

**شەشەم :** بوونی پرس وڕاوێژکردن لەنێو باوەڕداراندا، بەشێوەیەك کارەکانیان خود بەسەری نەبێت، بەڵکو پاش لێکوڵینەوەی هەر بابەتێك ولێکدانەوەی لایەنی ئیجابی وسلبیاتی هەر مەسئەلەیەك بە ڕاوێژ لەنێو خۆیاندا بڕیار

لەسەر کردن یان لەسەر نەکردنی بدەن، وەك خوای گەورە ڕووی گوفتاری دەکاتە خۆشەویست ترین کەسی کە پێغەمبەری خودایە (صلی اللە علیە وسلم) وپێی دەفەرموێت : ﴿ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ ﴾ [آل عمران : ١٥٩] واتە : ئەی محمد پرس وڕاوێژ بکە بەباوەڕدران لەو کارەی دەتەوێت ئەنجامی بدەیت، جا کاتێك بڕیارتدا (کارێک ئەنجام بدەیت، ئەنجامی بدەو) پشت بەخوا ببەستە، چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆشدەوێت کە پشتی پێدەبەستن .

ئەمەی کە باسکرا کۆمەڵێك هۆکاری سەرەکی بوون بۆ سەرکەوتن وسەرخستنی باوەڕداران، بۆیە هەرکاتێك باوەڕداران ئەو هۆکار وبەڵێنانەیان بەجێ هێنا، ئەوە بێگومان خوای گەورە خاوەنی بەڵێنی خۆیەی وسەربەزی و عیزەت دەگەڕێنێتەوە بۆ موسڵمانان، وەك فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ تَنْصُرُوا اللَّهَ يَنْصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُم ﴾ [محمد:٧] واتە : ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، ئەگەر ئێوە پشتیوانی لە ئاینی خوا بکەن و هەوڵی سەرکەوتنی بدەن، ئەوە خوایش پشتیوانی لەئێوە دەکات و سەرتان دەخات و پایەدارو جێگیرتان دەکات .

خوای گەورە لەتۆ دەپاڕێینەوە کە جارێکی تر سەربەرزی وعیزەت بدەیتەوە بە موسڵمانان، و حوکم ودادوەری دینەکەت بگەڕێنیتەوە نێو ژیانمان تاوەکو ئاسوودەی وئارامی باڵ بکێشێت بەسەر کۆمەڵگەدا، ورزگارمان بێت لەو یاسا دەستکردانەی کە بوونەتە مایەی بشێوی وتێکدانی شیرازەی جیهانی ئیسلامی .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .